# مۆسیقا

ئا:ئازاد محەمەد

ئەڵێن مۆسیقا خۆراکی گیانە، یەکەم ئاواز کە منداڵ گوێی لێ ئەبێت، لایلایەی دایکە، بۆیە هەر لەمنداڵیەوە مۆسیقا تێکەڵی ژیانی ئادەمیزاد ئەبێت. هەموو گەلانی دونیا مۆسیقای تایبەتی خۆیان هەیە و لەگەڵ ئاواز و گۆرانییەکانیاندا هەندێجار ئەگرییێن و هەندێجاریش ئەکەونە هەڵپەڕکێ و سەماکردن.
بەشێوەیەکی گشتی مۆسیقا هونەر و زانست و زمانە.



**مۆسیقا هونەرە:**

چونکە سەرجەم مرۆڤایەتی گوێی لێ رائەگرێ و تام و چێژی لێ ئەبینن، تەنانەت هەندێ گیانلەبەر و ئاژەڵ و رووەکیش مۆسیقایان پێ خۆشە و گەشەی زیاتری پێ ئەکەن و پێی ئەحەسێنەوە.

**مۆسیقا زانستە:**

چونکە خاوەن چەندین یاسا و بیردۆزی تایبەت بەخۆیەتی وەک میلۆدیا، هارمۆنیا، کۆنتراپۆینت.

**مۆسیقا زمانە:**

چونکە لە هەموو جیهاندا بەیەک جۆر ئەنووسرێ و ئەخوێندرێتەوە.
مۆسیقا زمانی گەلانە، چونکە بەجیاوازی زمان و پێست و جوگرافیا و دوور و نزیکی خەڵکی لەیەکدی.. مۆسیقا بەیەک زمان ئەنووسرێ ئەخوێندرێتەوە کە ئەویش نۆتەیە.



## دەنگەکانی مۆسیقا :

هەموو مۆسیقاکان لەوانە مۆسیقای کوردیش، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا لە (٧) دەنگ پێکهاتووە. دەنگەکانیش بریتین لە (دۆ، رێ، می، فا، صۆل، لا، سی) بەو هەفت دەنگە ئەگوترێ پەیژەی مۆسیقا یان سکێل. ئەم دەنگانەش لە نزمییەوە بەرەو بەرزی ئەچن و بەپێچەوانەش لە بەرزییەوە بەرەو نزمی دێنە خوارەوە. ئەم دەنگانە لە ناو ئاواز و مۆسیقا و گۆرانی هەموو میللەتاندا دووبارە و چەندبارە ئەبنەوە.

## ئامێرەکانی مۆسیقا:

لە کۆنەوە، مرۆڤەکان بە بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشییان وەک چەپڵە لێدان بەدەست و پێ لەزەویدان و تەپ تەپکردن و فیکە لێدان بەدەم توانیویانە دەنگ و ئیقاعی جۆرا و جۆر دروست بکەن.

بۆیەشە مرۆڤ ئامێرە فوودارەکانی دروستکردن وەک نای و شمشاڵ و بلوێر و زوڕناو.. هتد، هەروەها لە پێستی ئاژەڵیشدا توانی دەف و دەهۆڵ و تەپڵ و شتی دیکە دروست بکات..

پاشان لەقۆناغێکی دیکەدا توانی ئامێرە ژێدارەکان دروست بکات وەک قیسارە و رەبابە و کەمانچە و چەلۆ و عود و هتد..

